Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080305

# مەرجی فۆنۆلۆژیی لە پرۆسەی بەوشەبووندا

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

دڵشاد محەمەد غەریب

زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی پەروەرد- بنەڕەت/بەشی کوردی

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

فۆنۆلۆژیی ، فەرهەنگسازی، لێکسێمبوون

*Corresponding Author*

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq
Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

**پوختە**

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی پێواژۆی بەلێکسێمبوون و نواندنی لێکسێمەکان، بە جۆرێک کە پێواژۆکە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان دەستپێدەکات و بنەماکانی نواندنی لێکسێم و بوون بە لێکسێمی دیاری دەکرێن. لە سەرەتادا لێکسێمەکان لەناو خودی فەرهەنگدا تاقیدەکرێنەوە، پاشان لە بەرێزمانبوونی لێکسێمەکاندا هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەکرێنە بنەمای بوون بە لێکسێمی سەربەخۆیان. دواتریش ڕۆڵ و پێوەری ناکەرتیی (suprasegmental) فۆنۆلۆژییانە بۆ ناسینەوەی لێکسێمە سەربەخۆکان دەخرێتە گەڕو بەهۆیەوە دەستنیشانی ئەو نواندنە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییانە دەکرێت، کە جگە لە گۆڕینی فۆرم و واتایان ، نیشانەو پێوەری فۆنۆلۆژییانە دەیانکاتە لێکسێمی سەربەخۆ، بۆ ئەوەش لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە پێوەرەکانی هێزو تەوژم و زرنگە کراونەتە قۆناغە بەلێکسێمبووکان. توێژینەوەکە  بە ڕێبازی پەسنیی شیکاریی هەنگاوەکانی ناوەو کەرەستەکانیشی لە کرمانجیی ناوەڕاست - شێوەزاری سلێمانی وەرگرتووە.


## پێشەکی

**١/١) فەرهەنگ و ڕێزمان:**

فەرهەنگ سەرچاوەی کۆزانیاری زمانی مرۆڤە، کە لە کەرەستە تیاگەنجکراوەکانییدا، کە فۆنێم و مۆرفێم و وشەکانن، زانیاریە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان هەڵگیراون (https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)


سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو بە کەرەستەو یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی کاردەکات، بەڵام بەهۆی هەڵگری زانیارییەکانەوە فەرهەنگ جڵەوی ڕێزمان دەگرێت، بڕوانە هێڵکاری (١). خودی ڕێزمانێش ئەو زانیاریانە دەنوێنێت کە لە ڕێزماندا هەڵگیراون (سازان زاهیر سەعید :٢٠٢٠: ٣٢-٣٣).

هێڵکاری (١)




بەپێی هێڵکارییەکە فۆنۆلۆژی بە پێی نیشانەی فۆنێمەکان مۆدێلی بڕگەکان بەرهەمدەهێنن، کە بە پێی فۆنۆتاکتیکی کوردیی ڕێزدەبن https://www.researchgate.net. واتە فۆنۆتاکتیک، کە لە چێوەی بڕگەکاندا، نەریتی ڕیزبوونی فۆنێمەکان ڕێکدەخات، زانیارییەکی فەرهەنگی فۆنێمەکانەو ئاراستەی وشە دانراوو هێنراوەکان دەکات. لەسەرێکی تریشەوە زانیاریی فۆنۆلۆژییانەی توخمە فەرهەنگییەکان ($X^0$) پەیوەست بە تەرزی هێزەوە، دیاریکراون و بووەتە نیشانەیاکی فەرهەنگیی و بوون بە فەرهەنگیی. واتا پێوەری وشەیی و لێکسێمیی بەشێکی زانیاریی فەرهەنگیی وشەو فۆرمە بەوشەبووەکانن (بڕوانە پارەکانی (٢/١)، (٣/١)).

وەک لە پێناسەکەی فەرهەنگەوە خرایە ڕوو، فەرهەنگ کۆزانیاریە ڕێزمانییەکانی تێدا گەنجکراوە، زانیارییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاشەوە، بەشێکی ناواخنی (X)ەکان. بەوەش (X) فرە زانیارین لە ڕێزماندا زانیاریە شاراواکانیان دەنوێنن، بڕوانە (١).





**(X)ەکان کەرەستە فەرهەنگییە دەسەڵاتدارەکانن، کە لە پرۆسەی بەڕێزمانکردنەوە (Grammaticalization) فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی بەرهەمدەهێنن.**

**(X)ەکان توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرن و(کردارو ناوو ئاوەڵناو و پێشناوو .....) دەگرێتەوە، کە بوون بە ڕێزمانیان پێشبینیلێکراوە، چونکە هەریەکێک لەوانە خورتیانە لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییدا چالاکن و پرۆژە سازدەدەن.**

**٢/١) بەلێکسێمبوونی مۆرفۆلۆژییانەی هەڵگواستن و شکانەوە:**

**مۆرفۆلۆژیی بەپێی یاساو ڕێساکانی کەرەستەی فەرهەنگیی بۆ پرۆسەکانی هەڵگواستن و لێکدان وەردەگرێت، بەوەش لەم پێکهاتەیەدا فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدێت. فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان وشەی ناسادەن و لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانەوە (وشە سادەو مۆرفێمەکانەوە) بەرهەمدێن. وشە سادەکان/ فەرهەنگییەکان ئەوانەی لە پێواژۆی لێکداندا بەشداریی دەکەن، ئەو توخمانەن، کە پرۆژەسازدەرن و توانای بەرهەمهێنانی کەرەستەی مۆرفۆلۆژییان هەیە. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، پرۆژەسازدەرەکان/ (X)ەکان (کردارو ناوو ئاوەڵناو و پێشناوو .....) دەگرێتەوە، کە لە ڕاستییدا توخمە فەرهەنگییە پرۆژەسازدەرەکان لە ئاست و پێکهاتەی سینتاکسدا، بە پێی بنەمای تیۆری (X-Bar) پێشنیاز کراوەو بۆ دروستەی فرێزەکان، کە ئاستێکی ناوەندییە لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا، کاری پێدەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی گریمانە دەکرێت، لە ڕووی دروستەوە لە (X)ەکاندا سەرباریی زانیاریی سینتاکسیی، زانیاریی مۆرفۆلۆژییش هەبێت. بەوەش هەر توخمێک توانای بەرهەمهێنانی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشی دەبێت.**

**لێکسێماکان دانەی نادیاری ناو فەرهەنگی ئاوازین، نواندنەکانیان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدایە. ئەویش بەو واتایەی: (ا) هەر نواندنێکی لێکسێمێک بە هەمان واتاوە دەبێت، مەگەر ببێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە نواندنی ڕەگی کردارەکان بڕوانە نموونەی (١). (ب) لێکسێمەکان لە فەرهەنگدا کۆی زانیارییە واتاییەکانیان تێدا گەنجکراوە، لە نواندنەکانیاندا یەکێک لە واتاکانی نیشانە دەکرێت، بڕوانە واتاکانی لێکسێمی (□ ڕەش□ ) لە (٢)دا (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ١٦٩).**




**بۆ سینتاکس ئەگەر (□ گر□) لە نموونەکەی (١- ب)دا، ڕەگی کردارەکە لە شکانەوەی کردارەکەدا بە نواندنە جیاوازەکانیەوە واتایان ناگۆڕاوەو واتاکە هەر لەدەوری گرتن دەسوڕێتەوە. لە نموونەی (٢)دا واتا جیاوازەکانی نوێنراون. بە پێی ئەوەی لە (١- پ) دەرکەوتووە، گۆڕینی فۆڕمی لێکسێمکە زانیاریی واتایی و سینتاکسییەکانی گۆڕیوە، لەسەرێکەوە: (ا) کردارەکەی کردوە بە تێپەڕ ، (ب) دەوروبەوری مۆرفۆسینتاکسیی کردارەکە بۆ بکەرنادیار گۆڕاوە، (پ)**

فۆڕمگۆڕینەکە بووەتە واتاگۆڕین، ئەگەرچیی نیشانەی واتایی لێکسێمەگۆڕاوەکە (گر       گیر) ڕوون و ئاشکرا نییە، بەڵام بە بەڵگەی ئەوەی لێکسێمە گۆڕاوکە ناتوانێت جێی لێکسێمە فەرهەنگییەکە بگرێتەوە، بۆیە پێشبینیی واتاگۆڕین دەکرێت، بڕوانە جێگرتنەوەی مۆرفۆلۆژییانەو سینتاکسییانەی هەردوو لێکسێمی (□گر و گیر□) لە (٣)دا.


٣) ا. □کەوگیر □      *□ کەوگر□

ب. □ دانگیر □      * □دانگر□


پ. /نەوزاد پیاوێکی گیرە/.      */ نەوزاد پیاوێکی گرە/.

بە پێی نموونەکانی (٢) سەرەڕای ئەوەی لێکسێمێک بەهەمان فۆڕمەوە دەنوێنرێت، بەڵام  فۆڕمگۆڕین دەبێتە بنەمایەکی بەلێکسێمبوون و پێشبینییش دەکرێت، ببشبێتە لێکسێمی سەربەخۆ، بڕوانە (□گیر□) لە نموونەی (٣_ پ). لێرەوە دەبێت ئەوە پێشنیاز بکرێت، کە هەر لێکسێمێک مەرج نییە، نواندنێکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵکو لەناو فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و مۆرفۆسینتاکسیی و سینتاکسییدا بۆ نواندنی واتاکانیان دەشکێنەوە http://www.nytud.hu/imm14/meaningworkshopabstracts.pdf ، بۆ نموونە ڕەگی کردارەکان لێکسێمن، بەڵام سەربەخۆ نیین، بەڵکو لە چوارچێوەی پێواژۆی لەکردارخستندا ببنە لێکسێمێکی سەربەخۆ، بڕوانە هێڵکاریی (٢) ( عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ٥٨). هەروەها (□ ڕەش□) ئەگەرچیی لێکسێمێکی پڕزانیاریی فەرهەنگییە، بەڵام وەک لە نموونەکانی (٢)دا دەرکەوت، لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکاندا زانیارییە واتاییەکانی ڕوونبووەتەوە. لە ڕاستییدا وەک دەرکەوتووە، لێکسێمەکە لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانی (□ ڕەشکەو ڕەشیی□)دا بەهۆی پاشگرەکانەوە نیشانە لە لێکسێمە سەربەخۆکە دراوە. لێرەوە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا، لە تەرزیی هەڵگواستندا(Derivation) نیشانەکردنی لێکسێمەکان تاقییدەکرێنەوە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، لێکسێمەکان دانەیەکی نادیاری/ پڕزانیاریی ناو فەرهەنگی ئاوەزین (Mental Lexicon)، بۆیە لە نواندنەکانیاندا واتاکان دەردەکەون/ نیشانەدەکرێن. لەو ڕووەوە ئەگەرچیی تیوری (X-Bar) مۆدێلێکی سینتاکسییە، بەڵام بۆ بونیاتی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانیش تاقییکراوەتەوە. لە ڕاستییدا تیۆرەکە بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دادەبەزێنرێت و بەهۆیەوە ئەو توخمانە دیارییدەکرێت، کە لە پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییاندا دەسەڵاتیان هەیە. مۆرفێمەکانی هەڵگواستن ( Derivational Morphemes) زانیارییە دروستەیی و واتاکانیان بەو تەواوکەرانە دەدەن، کە لە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا(وشەی هەڵگوێزراو) دەنوێنرێن، بڕوانە نموونەی (٤). بەوەش مۆرفێمەکانی هەڵگواستن ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)یان دەبێت (https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph وەهەڵسوکەوت و دەسەڵاتی ($X^{0}$)ە سینتاکسییەکانی دەبێت.


هێڵکاری (٢)



٤-ا) /کورد /+/ستان / ← /کوردستان/ بروانه هێڵکاریی (٣)
ب)/ پینه /+/چیی/ ← /پینەچیی/ بروانە هێڵکاریی (٣)
پ/به /+/ ڕێز/ ← /بەڕێز/ بروانە هێڵکاریی (٣)




نموونەکانی (٤)و هێڵکاریی (٣) دەربڕی ئەوەن، کە پێشگروپاشگرەکان دروستەو واتای نوێ بە لێکسێمە هەڵگوێزراوەکە دەدەن. بەوەش (ا) پێشگروپاشگرەکە دەبنە دروستکەری لێکسێمە سەربەخۆ نوێکە، (ب) هەرچەندە ( کورد، پینە، ڕێز) لێکسێمێکی سەربەخۆن، بەڵام پاشگرەکە لێکسێمێکی سەربەخۆی دروستکردووەو یەکێک لە واتاکانی ئەو لێکسێمەی نواندووەو بۆ شوێن و پیشەو چۆنێتیی نیشانەی کردوون، بڕوانە (٥). (پ) پێشبینیش دەکرێت پێشگرو پاشگرەکە دروستەی بەلێکسێمنەبوو بەرهەمبهێنن، واتا ئاخێوەری زمانی کوردیی بە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانەی خۆی فۆڕمی بەلێکسێمنەبوو بەرهەمیان بهێنێت، بڕوانە نموونەی (٦)و ( عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ١٧١)).




٦) / بەردستان، کچستان، جوانستان، .... / (لێکسێمی ناسەربەخۆ) (کاتیی بۆ بارێکی دیاریکراو)

٦)  بەردستان، کچستان، جوانستان، ....  (لێکسێمی ناسەربەخۆ) (کاتیی بۆ بارێکی دیاریکراو)

نموونەکانی (٦) ئەگەرچیی لە هەریەک لە دروستەکەدا ( بەرد، کچ، جوان) لێکسێمێکی سەربەخۆن، کەچیی لەناو دروستە لێکسێمێکی ناسەربەخۆدا شکاونەتەوە. هەنگاوەکان پەیوەست بە هەڵگواستنەوە ئەوە دەردەبڕن، کە پاشگرو پێشگرەکان واتاگۆڕو دروستەگۆڕن، بەوەش توانای بەرهەمهێنانی لێکسێمی سەربەخۆیان دەبێت.

مۆرفۆلۆژیی لێکدان تەرزێکی تری بەلیکسیمبووەکانە، کە وەک بەشێک لە بەڕێزمانبوونی لێکسێمکان دەنوێنرێت. هەرچەندە وەک پێشتر ئاماژی پێدرا، توخمە پرۆژەسازدەرەکان (ناوو ئاوڵناوو کردارو ...)ەکانن، بەڵام لە چێوەی ئەم پارەدا ئەو زانیارییانە تاقیدەکرێنەوە کە لە (کردارو ئاوەڵناو)ەکاندان و لە هەنگاوی بەڕێزمانبوونیانەوە/بەسینتاکسبوونیانەوە دەستپێدەکەین.

پێشبینیی دەکرێت توخمە پرۆژەسازدەرەکان لەڕووی دروستەوە هەمان زانیارییان بۆ بونیاتی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و فۆڕمی سینتاکسیی تێداگەنجکرابێت. لێرەوە بەپێی ئەو پێشنیازە هەنگاودەنرێن، کە پێیوایە: بەلێکسێمبوون گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسییە بۆ فۆڕمێکی فەرهەنگیی، واتە لەڕێی تێکردەی بەوشەبوو و فرێزو تەنانەت وشەی بێگانەوە بۆ ناو فەرهەنگ ڕوودەدات https://en.wikipedia.org/wiki/Lexicalization.

بۆ نیشاندانی پەیوەندییەکانی ئەو پێواژۆیەو نیشاندانی هاوبەشیی بەمۆرفۆلۆژییبوون و بەسینتاکسبوون توخمە پرۆژەسازدەرەکان لەڕوانگەی دەسەڵاتە دروستەییەکانی ئاوەڵناوو کردارەوە تاقییدەکرێنەوە. بۆ ئەوەش تیۆریی و وەچەتیۆرییەکانی پۆلەڕەگەزدیارییکردن و پێکهاتەی واتایی و پارامێتەری

سەرەڕێزمانییەکان بەکاردەهێنرێن بشڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ١٧٣- ١٨٨)و پێواژۆی بەلێکسێمبوون لە نامەی ماستەری (محەمەد مەجید سەعید :٢٠١٥)).

### ٣/١) بەلێکسێمبوونی سینتاکسیی_مۆرفۆلۆژییانە

بە پێی پێناسەکە، بەلێکسێمبوون بە پێی هاوکێشەی ($X^0$    $X^-$    $X^0$) هەنگاوەکانی بەڕێوەدەچن. ئەویش بەو پێیەی هەموو ($X^0$) بە خورتی دەبێتە ($X^-$) ، بەڵام بۆ بوونەوەی بە ($X^0$) مەرج و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە. وەک لە شیکردنەوەکانی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کرا، فۆڕم (هەمانفۆڕمیی و فۆڕمگۆڕیین) و واتاگۆڕین بنەماو مەرجی بوونبەلێکسێمی سەربەخۆن، بۆیە لێرەوە ئەو پێواژۆیانە شیبکرێنەوە، کە لە ($X^0$)ەوە بۆ بەسینتاکسیبوون و پاشان بوونبەلێکسێمی سەربەخۆ جێبەجێ دەبن.

($X^0$)ەکان لێکسێمێکی پرۆژەسازدەری ناو فەرهەنگن و وەک یەکە لەناو فەرهەنگدا هەڵگیراون و نەبونەتە سینتاکس (non-syntaxicalization). بەسینتاکسبوونی ($X^0$) پێواژۆیەکی پێشبینییکراوو خورتیی، بەڵام پرۆژەکە پێشتر بە لە تیۆری پۆلەڕەگەزدیارییکردندا (Subcategorization) دەستەی تەواوی خۆی دەخات و سێتێکی تەواو (finite set) بۆ پێکدێنێت. دواتر بەپێی پارامێتەری زمانی کوردیی دەبێتە فۆڕمێکی سینتاکسیی/ فرێز. وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، لەناو کۆی ($X^0$)دا ئاوەڵناوو کردار هەڵدەبژێردرێن.

ئاوڵناوو کردارەکان بە پێی زانیارییە سینتاکسییەکانیان توخمی سینتاکسیی لە چەشنی خۆیان دروست دەکەن، هەریەکەیان پەیڕەوی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی خۆیان دەکەن، بڕوانە (٧)و(٨). بەڵام دەبێت ئەوە بگوترێت هەریەک لەو توخمە سینتاکسیانەی لە ئاوەڵناوو کردارەکانەوە ئازادانەن، بەوەش دروستەکە لە قۆناغی سینتاکسییدا نابێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، کەواتە سەرباری واتاگۆڕین، چەسپاندنی دروستەکە دەبێتە هۆی بەوشەبوون/ بەلێکسێمبوونی توخمە سینتاکسییەکە.

٧) ا. $A^0 \longrightarrow A^-$

ب. $V^0 \longrightarrow V^-$

| نواندنی فەرهەنگیی | | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
|---|---|---|
| 8) ا. $A^0$ / کورت/ | $\longrightarrow$ | / کورت/ + [N ] |

ب. $V^0$ : (ڕەگی کردار بە کرداری فەرهەنگیی دانراوە)

١. $V + [\ldots]$    /خەو، مر، کەو، ڕۆش/ڕۆ/

٢. $V + [N]$    /خوار/خۆ، کوش/کوژ، بر/بە/

٣. $V + [PP]$    /لێزان، تێگەیش، لێگەیش، ۆێگەیش/


٤. $V + [PP,N]$    /تێکر، لێکر/

هەریەک لە دروستە فەرهەیگیەکانی (٧ و ٨) پێواژۆی کەرەستەخستن بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسیی، بۆیە لە دوای دروستە سینتاکسییەکە بەپێی گۆڕینی واتاو چەسپاندنی دروستەکە پێشبینی بوون بەلێکسێمی ئەو پرۆژە سینتاکسیانە دەکرێت، کە کردارو ئاوەڵناوەکان بەرهەمیان هێناون.

بەپێی هێڵکاریی ژمارە (٢) کردارەکان بە پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانە دەبنە ناو/ لەکردار دەخرێن، بەڵام بە پێی (٨) کرداره فەرهەنگییەکە/ ڕەگی کردارەکە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا یان بێ تەواوکەرەکەی پرۆژە سنتاکسییەکە/ فرێزەکە بەرهەمدەهێنێت. واتا بەپێی ویستی فەرهەنگیی کردارەکەو بەپێی ئەو زانیارییە سینتاکسیی_دروستەییەی تێیدا هەڵگیراوە. بۆ نموونە کرداری (٨_ب_١ )، ئەو کردارە بەبێ تەواوکەر فرێزە کردارییەکە بەرهەمدەهێنێت، واتە خودی کردارەکە دەبێتە فرێزەکە: ($V^0$    $V^-$) بڕوانە نموونەی (٩)و هێڵکاریی (٤). کەچی لەبەرئەوەی کردارەکانی (٨_ب _٢) لەو کردارانەن، کە لە فەرهەنگەوە وا بۆیان دیارییکراوە، کە تەواوکەریان دەوێت، بۆیە کردارەکە بە تەواوکەرەوە فرێزە کردارییەکە دروستدەکەن، بڕوانە نموونەی (١٠)و هێڵکاریی (٥).

لە (٧_ا)یشدا بە ئاوەڵناوەکان خورتییانە دەبنە ($A^-$)و بە نواندنە فەرهەنگییەکەی (٨_ا)ەوە دەبنە سینتاکسیی. پێشبینی دەکرێت ئاوەڵناوەکانێش لە قۆناغێکی نواندنی سینتاکسیاندا بەهەمان داتاو زانیارییەوە ببنە لیکسێمێکی سەربەخۆ، نموونەو نواندنەکانی (١١) ئەوە دەردەخەن، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا زیاتر لە دروستەیەکی سینتاکسیی بەرهەمدەهێنێت، ئەوەش بەو پێیەی ئاوەڵناوە فەرهەنگییەکە لە فۆڕمی سینتاکسیی دەستەواژلە(پێش_فرێز Pre phrase)و فرێزی ئاوەڵناوییشدا دەردەکەوێت(سازان زاهیر سەعید :٢٠٢٠: ١٣٥-١٤١)، پێشبینی دەکرێت لە هەریەک لەو دروستانە ببێتە لێکسێمی سەربەخۆ. واتە ئاوەڵناوە فەرهەنگییەکە زانیارییەکانی پەیوەست بە دروستەی سینتاکسیی (دەستەواژلەو فرێز)ی هەروەها بوون بە لێکسێمی سەربەخۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆ نموونە لە (١١)دا ئاوەڵناوی (وشک ($A^0$)) دروستەسینتاکسییەکانی لە چەشنی (/داری وشک / دارە وشک/)و هەروەها لێکسێمی سەربەخۆی □ کارێزەوشک □یشی بەرهەمهێناوە.


٩) $V^0$ /ترس ← ترسان □ ، /خەو ← خەوتن/ ، مر ← مردن) $V^{-}$ ترس، خەو، مر)




١٠) $V^0$ / خوار/خۆ (/خواردن/)، فرۆش (فرۆشتن)، کوش/ کوژ (کوشتن)

↓

$V^-$ / سێو خوار، سەیارە فرۆش، سێو فرۆش، ژن کوژ، کوڕ کوژ/




١١) $A^0$ ← $A^0$ + [ N ]

$N^-$ + ی + A ← $A^-$ (داری وشک، گوڵی سوور،.. )

$N^-$ + ە+ A ← $A^0$ (/کارێزەوشک، شاخەسوورر/)

← $A^-$ (/دارەوشک، کوڕەوریا/)

نموونەو نواندنەکانی (٩)و(١٠) کردارەکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسی چالاکبوون و ئازادانەش دروستەکە لەڕووی سینتاکسەوە پڕدەکرێتەوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە یەکێک لە نواندنەکان بە هۆی چەسپاوی و وەرگرتنی واتای نوێوە ببێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، بڕوانە نموونەو تاقیکردنەوەی (١٢). بەلێکسێمبوونی ئەو دروستانەی، کە پێشتر فۆڕمێکی سینتاکسی بوون، قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بە وشەبوونی فۆڕمێکی سینتاکسی، کە ئەویش ئەو کاتە دەبێت، کە دروستەکە بە هەمان پێداویستی سینتاکستییەوە ببنە وشە. بەوەش دەردەکەوێت، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی لە ڕووی دروستەی فۆڕمە بەلێکسێمبووەکانەوە هەمان زانیاریی بەکاردەهێنێت(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ١٦٨-١٨٨)، واتە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانیش لە هەمان نواندنی ($X^0$ / $A^0$ و $V^0$ )ەوە بەرهەمدێن.

١٢) ا. /میوەفرۆش/( $V^0$ ← $V^-$ ← $N^0$) بەلێکسێمبوو هێزگۆڕاو([mi . wa . fr´oʃ])

تەرزی هێز

ب. /سێو فرۆش / ( $V^0$ ← $V^-$) فرێز ← [s´ew . froʃ]


/ پرتەقاڵ فرۆش / ( $V^0$ ← $V^-$) فرێز ← [p´ir . ta . qaɫ . froʃ]

/لیمۆ فرۆش/ ( $V^0$ ← $V^-$) فرێز ← [l´i . mo . froʃ]

/خەیار فرۆش / ( $V^0$ ← $V^-$) فرێز ← [x´a . yar . froʃ]


/کاڵەک فرۆش/ ( $V^0$ ← $V^-$) فرێز ← [k´a . ɫak . froʃ]

له نموونەی (١٢_ب)دا گشت نواندنەکانی کرداری /فرۆش / دروستەی فرێزی کرداریی (V̄) بەرهەمهێناوەو دروستەکە ئازادانە پەیوەست بە سەرو تەواوکەرەوە فرێزەکەی بەرهەمێناوەو تەرزی هێز تێیاندا لە سەرەتادایە، بۆیە نەبوونەتە لێکسێمێکی سەربەخۆ(بە سەربەخۆیی بەکارنایەت). هەروەها لەبەرئەوەی سەرەڕێزمانییەکە (Grammatical Head) کردارە، بۆیە سەرەکە دروستەیەکی لە توخمی خۆی بەرهەمهێناوەتەوە (فرێزی کرداریی بەرهەمهێناوەتەوە). بەڵام لە (١٢_ا) گەر لە فۆڕمی (/میوەفرۆش/) بڕوانین، دروستەکە هەرچەندە فۆڕمی نەگۆڕاوە، کەچی بە هۆی واتاگۆڕین و چەسپاندن و تەنانەت پۆلەڕەگەزگۆڕینیشەوە (لە ڕووی پۆلەڕەگەزەوە بووەتە ناو) بووەتە لێکسێمێکی سەربەخۆو وەک فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی هەژماردەکرێت، بەوەش کردارە فەرهەنگییەکە ($V^0$)ەکەو پێشبینی دەکرێت گشت ($X^0$)کانیش لە تواناییاندا هەبێت، فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییش بەرهەمبێنێت، بڕوانە نواندنی (١٣).




هەرچەندە مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوەیە لە فۆڕم و واتای وشەو پێکهاتەیەکە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەمدێنێت، بەڵام وەک دەردەکەوێت، زانیاریی سینتاکسییەکان جڵەوی زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان دەگرن، واتا وەک لە (١٣)دا دەرخرا (X)ەکان دروستەی ئازادی بێکۆتایی سینتاکسی بەرهەمدێنن، بەڵام لە فۆڕمی مۆرفۆلۆژییدا دەبنە لێکسێمی سەربەخۆ. بەوەش هەرچەندە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان (وشەلێکدراوەکان) زانیارییەکان لە توخمە فەرهانگییەکانەوە(X) وەردەگرن، بەڵام واتاو فۆڕم و پۆلەڕەگەزی تایبەت بە خۆیان دەبێت.


وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا، تیۆری (X-Bar) مۆدێلێکی ڕێزمانییە بۆ دروستەی فرێز (http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf)، تیۆرەکە دیوی سینتاکسی توخمەفەرهەنگییەکان دەنوێنێت و بۆ دروستەیەکی سینتاکسی جگە لە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی، زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانیش دەنوێنێت، بۆیە سیماکانی خۆی بە دروستەکە دەدات و لەسەر بنەمای ڕێزمان فۆڕمێکی سینتاکسی بەرهەمدێنێت و دواتر بە زانیاریی مۆرفۆلۆژیانە بۆ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی_فەرهەنگیی دەگۆڕێت، بڕوانە نواندنەکەی (١٤)و لەگەڵ ساجیدە عبدوڵا فەرهادی و ڕەحیم سورخی (٢٠١٤)و (محەمەد مەجید سەعید ٢٠١٥:)و (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :٢٠٢٠: ١٧٣- ١٨٧) بەراوردی بکە !




فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەی نواندنی (١٤)، کە هەمان نواندنی فۆڕمە فەرهەنگییەکەی هەیە، واتا هەردوکییان ($X^0$)ن، بەڵام لە ڕووی داتاو کەرەستەوە نواندنێکی لەو گەورەترن، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ($X^0$)ە مۆرفۆلۆژییەکە بۆ قۆناغی سینتاکسییدا تێپەڕیوەو گشت پێداویستیە سینتاکسی و واتاییەکانی بڕیوە، پاشان بە هەمان فۆڕمەوە بووە بە لێکسێمێکی سەربەخۆ/ فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی.

لێرەوە هەنگاوەکانی بوونە فۆڕمی سینتاکسی ($X^0$)ەکان دەخرێنە ڕوو، تا سیماکانی بوون بەلێکسێم/ بوون بە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی دەربخرێت و پێوەرەکانی ناسینەوەی بەلێکسێمەکان بدۆزرێنەوە. لە هێڵکاریی (٦)دا هەنگاوەکانی بەڕێزمانبوون/ بەسینتاکسیبونی ($X^0$) پەیوەست بە واتاو سینتاکسەوە دەخرێتەڕوو.

هێڵکاری (٦)




به پێی هێڵکاری (٦) هەنگاوەکان بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم دروستەی سینتاکسی/ فرێزەکانە، تێیدا دەردەکەوێت، کە: (ا) توخمە فەرهەنگییەکە فۆرمێکی یەک لێکسێمی سەربەخۆیە، زانیارییەکان لە ناویدا گەنجکراوە، (ب) هەنگاوی دوهەم نواندنی پاش_فەرهەنگییەو ($X^0$)ەکە کەرەستە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەکە هەڵدەبژێرێت، واتە بە پێی ویست و توانا فەرهەگییەکە (Y) هەڵدەبژێرێت، (پ) ($X^0$) پێکهاتەییانە (Compositionaly) (Y)کە هەڵاوێردەکات، واتا بەپێی واتاو نیشانەی فەرهەنگی، سەرو تەواوکەر هەڵاوێردەکات. (ت) دروستەکە بەپێی بنەمای ڕیزبوونە سینتاکسییەکە دەنوێنرێت و سیسیەمی سەرکۆتا (head-fainal) جێبەجێ دەکات.

هەنگاوەکان ئەوە دەردەخەن، کە پێواژۆکە بۆ دروستەیەکی سینتاکسییە ($X^-$)و بوون بە لێکسێمی سەربەخۆی(واتا ببێتەوە بە $X^0$ تەنها پێشبینی لێکراوە، چونکە بەلێکسێمبووەکان لە هەمان پیواژۆی هەنگاوە سینتاکسییەکان بۆ بەرهەمهێنانی لێکسێمێک/ وشەیەک دەنێت، واتە گشت پێداویستییەکانی فۆڕمە بە لێکسێمووەکە لە هەنگاوە سینتاکسییەکەوە وەردەگیرێن. ئەوی ش بەواتای ئەوەی کە: (ا) هەمان ($X^0$) لە بەرهەمهێنانی لێکسێمە (سەربەخۆ/ وشە)کەدا، واتە وشەکە هاوشێوەی فرێزەکە لە هەمان توخمەوە بەرهەمدێت، بڕوانە نموونە (١٥)، (ب) وشەو فرێزەکە لە سەروتەواوکەرێک دروستدەبن واتە (X + Y)کن، بڕوانە نموونەو نواندنی (٨ - ١١) لەسەرەوە، (پ) سەرەڕای ئەوەی فۆرمە بەلێکسێمبووەکە/ بەوشەکە لەڕووی واتاوە دارشتەیەکی پێکهایەیی (Compositionaly) هەیە، ناپێکهاتەیی (Non compositionaly) واتا/ واتاگۆڕینش بووەتە سیمایەکی بەلێکسێمبوونەکەی فۆڕمە سینتاکسییەکان(بڕوێن یەحیا محەمەد :٢٠١٦: ٨٥- ٩٤)، بڕوانە نموونەی (١٦و ١٧). (ت) سەرەوریزبوونی سەروتەواوکەر واتە پارامێتەری سەر لە بەلێکسێمەکاندا بۆ پارامێتەر_جیاواز یان هەمان پارامێتەری دابەش دەبن، بڕوانە (١٨).

15) ا. $A^0$ /کورت/ ← / داری کورت/ (فرێزی ئاوەڵناویی)
/ دارەکورت/ (دەستەواژەیلەی ئاوەڵناویی)
/ دەستکورت/ (لێکسێمی سەربەخۆ/ وشە)

١٦) $A^0$ /بەرز/ ← / شاخی بەرز/ (فرێز : واتای پێکهاتەیی)
/باڵابەرز/ (وشە : واتای پێکهاتەیی)
/وردی بەرز/ (وشە : واتای ناپێکهاتەیی/ ئیدیەم)


١٧) $V^0$ /بڕ/ ← /دار بڕ/ (فرێز: واتای پێکهاتەیی )
/قەڵەمبڕ/ (وشە: واتای پێکهاتەیی)
/ دەستبڕ/ (وشە : واتای ناپێکهاتەیی/ ئیدیەم)

١٨) $A^0$ /سەوز/ ← /سێوی سەوز / (فرێز: پارامێتەری سەرکۆتا X + Y )
/چاوسەوز/ (وشە: پارامێتەری سەرکۆتا X + Y )
/سەوزەگیا/ (وشە: پارامێتەری سەرسەرەتا Y + X )

نمونەکانی (١٥_١٨) ئەوە دەردەبڕن، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا لە ناو ($X^0$)ەکاندا زانیارییەکان پەیوەست بە (ڕێزمانبوون/ەسینتاکسبوون) و تەنانەت بەلێکسێمبوون و پێوەرەکانی بەلێکسێمبوون هەڵگیراون، وەک چۆن لە (١٣)دا نوێنرا، ($X^0$)ەکان بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش چالاکدەکرێن، بەوەش بەوشەبوون/بەلێکسێمبوون و گشت زانیارییەکانی پەیوەست بە واتاو دروستەی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاش، لە دەروازەی فەرهانگیی (Lexical Entery) ($X^0$)کاندا هەڵگیراون.

پەیوەست بە هێڵکاریی (٦)ەوە لە هێڵکاریی (٧)دا بونیادنانی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و تایبەتمەندییەکانی بەلێکسێمبوون نیشاندەدرێت.

هێڵکاریی (٧)




**٢/١) زانیاریی فۆنۆلۆژییانە**

هەر وەک لە(١/١)دا ئاماژەی پێدرا، زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەست بەفۆنۆلۆژییە و واتاوە لە ئاوازی ئاخیوەراندا بەهۆی توخمە پێکهێنەرەکانی ناو فەرهەنگەوە هەڵگیراون . ئەو زانیارییانە بۆ ئاخیوەرانی زمانەکان هاوبەشن، بەڵام پێدەچێت بۆ فۆرم دارشتنی وشەی فۆنۆلۆژیی و واتایی جیاواز بن. بەو واتایە، هەموو توخمێکی فەرهەنگیی بەنیشانە و ئادگاری فۆنۆلۆژیی خۆی هەیە. ئەگەرچی تیوری (X-Bar) مۆدێلێکی سینتاکسییە و بۆ دروستەی پرۆژە

مۆرفۆلۆژییەکانیش تاقیکراوتەوە بڕوانە(١- ٣). لەم تەوەردا تیۆرەکە تایبەت بە (فۆنۆلۆژیی/هێز، تەوژم، زرنگە)ەوە، لەناو پێکهاتەی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی)دا، هەندێک لەئەو توخمانە کە لە پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژیی سینتاکسییەکاندا دەسەڵاتیان هەیە دیاریبیدەکرێن.

لە فۆنۆلۆژییدا دوو جۆر کەرەستەی دەنگیی (١-فۆنێم ٢-لەگەڵ هاتووەکان) دیاریکراون، ئەو جۆرە کەرەستانە بە: (فۆنێمی سەرەکیی- primary phoneme) و (فۆنێمی لاوەکیی- seconary phoneme) ناسراون.

**٢/١-١) فۆنێم**

فۆنێمەکان هەڵگری زانیاریی فۆنۆلۆژیین، ئەگەرچی بەتەنها هەڵگری واتا نیین، بەڵام بەهەمان شێوەی( مۆرفێم، فرێز...هتد) بە کەرستە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگ ئەژماردەکرێت. بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەیش بەپێی یاساو ڕێسا بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێن، هەبوونی کەرەستەو داتا، وەک (/ب، پ، ت، ل....هتد/) کە بە شێوەی زنجیرەیی بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی گەورەتر، وەکو (بڕگە، مۆرفیم، وشە....هتد). بەیەکەوە دەبەسترینەوە. لە لای زمانەوانە کوردەکان بە (فۆنێمی کەرتیی - segmental) نیشاندراون، کە لە زانستی زماندا بە سەگمێنتە زنجیرەیی و ئاسۆییەکانی زمان (بەئاستی پارچەکان – segmental level) هاتووەکان ناسراون. بۆ ئەوەی پێڕەوی دەنگەکان دەستنیشان و پۆلێنبکرێن، لەمڕووەوە هەر زمانێک کۆمەڵێک مەرج و یاسا و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، کە سەر بە دروستەی فۆنۆلۆژیین(عادل ڕەشید قادر: 2008: 48). بەمەبستی پۆلێنکردنی دەنگەکانیش وەکو فۆنێم، چەند هەنگاوێک بۆ سەڵماندنی ئەوەی، کام لەو دەنگانە فۆنێمن و ئەرك لە پێکهاتەی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەبینن جێبەجێدەکرێت، وەک:

ا) شیکردنەوەی تەکنشینی لەیەکترازاندن و جیاکرنەوەی زنجیرە (دەنگ - فۆنەکان) بۆ گچکەترین یەکەکانیان، پاشان زنجیرە دەنگەکان بۆ فۆنەکان و لەیەکترازاندنیان، پرۆسەکەیش لەڕێی بیستنەوە پەیڕەودەکرێت، وەک:

[d] [a:] [r] : [m] [a:] [r]

ب) جیاکردنەوەی دەنگەکان - فۆنەکان وەك فۆنێم لە ڕێگای دروستکردنی گچکەترین جووتەوە بۆ دەنگە هەمبەرییەکان، یاخود واتا گۆڕەکانەوە جێبەجیدەکرێت، وەک:

/d/ a: r : /m/ a: r

**٢/١-٢) کەرەستە (لەگەڵ هاتووەکان – prosody)**

هەموو ئەو دیاردە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای گوتنەوە دەردەبڕرێن، وەک: (هێز- stress، زرنگە - pitch، تەوژم - accent، ئاواز - intonation) (محەمەدی مەحوی:٢٠١٦: ٥٢٠، عطية سليمان احمد : بدون سنة الطبع: ٢٣-٢٥). ئەوانە بە پێچەوانەی فۆنێمە زنجیرەییەکانەوە، بەشێوەی زنجیرەیی نانوسرێن، بەڵکو لەسەر (بڕگەیی برگە، مۆرفێم، وشە، فرێز، ڕستە) بەرجەستەدەکرێن، لەبەر ئەوەیە، ناوی نیشانەی سەروو- سەگمێنتیی- supra segmentalfeatures یان لێنراوە (مبارك حنون، احمد العلوي : ١٩٩٢: ١٣)

**٢/١-٢-١) هێز-stress**

ئاشکرایە، هێز لە ڕوی ئۆرگانییەوە گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات، کە دەکەوێتە سەر برگەیەك لە بڕگەکانی وشە، ئەو بڕگەیەی هێزی لەسەرە قسەکەر بەشێوەیەکی جیاوازتر لە برگەکانی تر لە گوتندا دەریدەبڕێت. گۆکردنیشی بۆ جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزە سەرەکییە فەرهەنگییەکان بێت. لەگەل ئەوەیشدا (بەفۆنێمی ناکەرتیی/ بێوێنە) ناسراوە(عبدالوهاب خالید موسا: ٢٠٠٩ : ١٣-١٥) لە وشەی فەرهەنگیی ( یەک - بڕگەیی و فرە برگەیی) دا، هێزی سەرەکیی لەسەر دوا بڕگەی وشەیە، هێزی لاوەکیی - ناسەرکیی، دەکرێت سەرپشکییانە لەسەر بڕگەی سەرەتایی - یەکەم [b ˋ a . r´ a:n] بەرجەستەبکرێت. لە وشەی ناسەرەکیشدا هێزی سەرەکیی - primary stress لەسەر بڕگەی سەرەتایی - یەکەم [h´ ə . mu] بەرجەستەدەکرێت ئەم دابەشبوونە بۆ تەرزی هێز بەگشتیی و هێزی تایبەتیی، جۆری لێکسێمی سەرەکیی و ناسەرەکییەکان لە ناو خۆیاندا و هەمبەر بە کاتەگۆرییە سینتاکسییەکان دەگرێتەوە.

**٢/١-٢-٢) هێز لە وشەی فەرهەنگییدا**

لە تەواوی ئەم لێکۆلینەوەیە پەیڕەوی گرێمانەکارییەک دەکرێت، پەیوەست بە تەرزی هێزەوە، کە دەبێتە نیشانەیاکی فەرهەنگیی ناو توخمە فەرهەنگییەکان. واتا پێوەری فۆنۆلۆژیش بەشێکی زانیاریی فەرهەنگیی لێکسێم و فۆرمە بەوشەبووەکانن.

گۆکردنی هیز بۆ گۆڕینی واتا نییە، چۆن پۆلەڕەگەزە سەرکیی و ناسەرەکییەکان لە فەرهەنگدا هێزی جیاوازیان هەیە، بەهەمان شێوە کاتەگۆرییە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا مارکەلێدراون و بەپێی جێکەوتەکانیان هێزی چەسپاوو تایبەتی بەخۆیان هەیە.

**یەکەم- هێز لە وشەی فەرهەنگیی – سەرەکیی و ناسەرەکییدا**

مەبەست لە وشەی فەرهەنگیی سەرەکیی، ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا فۆرم و واتای سەربەخۆیان هەیە، وەک:

١-ا) تەرزی هێز لە وشەی فەرهەنگیی سەرەکیی- سادەدا، بڕوانە (١٩).

(١٩

/ کارێز/ [ka . r´ e:z]

/ سێو/ [se´ w]

/ ڕەش/ [R´ əʃ ]

/ کورت/ [k´ urt]

/ خەوتن/ [xəw . tɨ ´ n]

/ فرۆشتن/ [froʃ . . tɨ ´ n]

لە نموونەکانی (١٩)دا، هەریەک لە وشە فەرهەنگییە - سادەکانی (/کارێز، سێو، ڕەش، کورت، خەوتن، فرۆشتن/) لێکسێمێکی سەربەخۆن و ئەوە دەردەخەن، بە زۆری هەڵگری هێز بن، هێزی (سەرەکیش) لەسەر (بڕگەی/ڤاوڵ) بڕگەی کۆتاییان بێت.

ب) هێز لە وشەی قەرهەنگیی ناسەرەکییدا، وەک:

ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا فۆرمی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام واتاکانیان لە ڕوی ئەرکەوە دەردەکەوێت، بڕوانە (٢٠).

(٢٠

/ چونکە/ [ʧ´ un . ku] [ʧ´ un . kə]˜ (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٨٥)

/ بەڵام/ [b´ ə . ɫ am]

/ هەمو/ [h´ ə . mu]

/ بۆیە/ [b´ o . yə]

/ وەکو/ [w´ ə . ku]

نمونەکانی (٢٠) ئەوە نیشاندەدەن، کە هێزی سەرەکیی وشەی کاتەگۆرییە فەرهەنگییە ناسەرەکییەکان، بەتایبەتیی وشە دوو- بڕگەییەکان، لەسەر بڕگەی (یەکەم/سەرەتا) بەرجەستەدەکرێت. نمونە و داتاکانی (ب) ئەوە نیشاندەدەن، کە لە کاتەگۆرییە فەرهەنگییە ناسەرەکییەکان، بەتایبەتیی دوو-بڕگەییەکان، هێزی سەرەکیی لەسەر بڕگەی یەکەم مارکە لێدراوە و وشەکان هەڵگری هێزی (X+Y) سەرسەرەتایە

٢/١-٢-٢-١) هێز لە وشە/فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی (morphological words) دا

وشەی مۆرفۆلۆژیی، ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە، کە فرە مۆرفێمن و بریتیین لە وشەی (هەڵگوێزراو، لێکدراو). لەبەرئەوەی وشەی مۆرفۆلۆژیی لە مۆرفێمێک، یان زیاتر پێکدێت، مۆرفۆلۆژیی لێکدانیش تەرزێکی تری بەلیکسیمبووەکانە، کە وەک بەشێک لە بەڕێزمانبوونی لێکسێمکان دەنوێنرێت، هێزی سەرەکیش لەسەر دوابڕگەی وشەکان بەرجەستەبکرێت.

١-ا) هێز لە وشەی داڕێژراودا، بڕوانە نموونەکانی (٢١)

(٢١

/ کورد - ستان/ [kur . dus . t´ a:n] [kur . dɨ s . t´ a:n]˜

/ پینە - چیی/ [pi . nə . ʧ´ i:]

/ ڕەش - کە/ [Rəʃ . K´ ə]

/ بە -ڕێز/ [be . r´ ez]

/ لێ - زان/ [le . z´ a:n]

/ نا - خۆش/ [na . x´ oʃ ]

نموونەو داتاکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە لە وشەی داڕێژراو/هەڵگوێزراو – بەپێشگرو پاشگرەوە، هێزی سەرەکیی لەسەر بڕگەی کۆتایی وشەکان (X+Y) سەرکۆتاییە. بەو واتایە (فۆنۆلۆژیی/هێز)یش وەکو بەشێک، یاخود تەرزێکی تری بەلیکسیمبووەکان ئەژماربکرێت.

١-ب) هێز لە وشەی لێکدراودا

وەک لە سەرەوە ئاماژی پێدرا، ئەگەرچی (مۆرفۆلۆژیی/ وشەی داڕێژراو) لێکدان، وەک بەشێک لە بەڕێزمانبوونی لێکسێمکان، تەرزێکی تری بەلیکسیمبووەکانە. لەگەڵ ئەوەیشدا بەپێوەری فۆنۆلۆژیی لێکسێمبونیان نوێنراون، کە کۆتاپارێز بوون. لە چێوەی ئەم باسەدا ئەو زانیارییانە لە (وشەی لێکدراو)ەکانیشدا، زیاتر ئەو ڕاستییەو لە هەنگاوی بەلیکسیمبوونیان تاقیدەکرێنەوە و دەسەلمێنرێن، بڕوانە نموونەکانی (٢٢).

(٢٢

/ میوە -فرۆش / [mi . wə . fr´ oʃ ]
/ دەست - کورت/ [dəst . ku´ rt]
/ تەختە - ڕەش/ [təx . tə . R´ əʃ ]
/ باڵا - بەرز/ [ba .ɫ a . b´ ərz ]
/ ڕەش- ە - با/ [Rə . ʃ ə . b´ a: ]

نمونەکانی (٢٢) ئەوە نیشاندەدەن، وشە لێکدراوەکان بەهەمان شێوەی وشەی سادە و داڕێژراوەکان هێزی سەرەکیی لەسەر سەگمێنتی کۆتایی بەرجەستەدەکرێت وسەرکۆتاییە. بەو واتایە، لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا لە ناو ($X^0$)ەکاندا زانیارییەکان پەیوەست بە هێزەوە تەنانەت بەلێکسێمبوون و پێوەرەکانی بەلێکسێمبوون مارکەلێدراون و هەڵگیراون.
ئەگەرچی وشەی فەرهەنگیی، بەتایبەتی (ناوی تایبەتی کەس- proper noun) هێزی چەسپاوو کۆتایین، بەڵام لە پێکهاتووی بانگکردندا مارکەلێدراون و هێز - سەرەتایین. لە کاتی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا، بەتایبەتی لە (وشە - ناوە) فرە برگەییەکاندا، هێزی سەرەکیی لەسەر برگەی یەکەمی ناوەکان بێت، نەک کۆتایی ناوەکان( محەمەدی مەحویی :٢٠١٦ : ٤٢٨, 97: Muhammad Muruf fatth: 1997). بەوەش لە پێکهاتەو نواندنی سینتاکسییدا هێز بۆ گەیاندنی واتای ڕێزمانیی دەگۆڕێت، مەگەر لە پێواژۆی بەلێکسێمبووندا هێز پەیکاڵی لێکسێمە فەرهەنگیاکان ببێتەوە. بڕوانە نموونەکانی (٢٣ و ٢٤).
٢٣)
ا. / سایە/ [sa . y´ ə] (ناوی تایبەتیی _ مرۆڤ)
ب. / سایە/ [s´ a: . yə] ( پێکهاتوی بانگکردن)
٢٤)
ا . / دکتۆر/ [dɨ k . t´ o:r] (ناوی پیشە)
ب. / دکتۆر/ [d´ ɨ k . tor] (پێکهاتوی بانگکردن)

جیاوازیی واتایی و دەربڕینی نێوان نمونەکانی (٢٣-ا، ب) و(٢٤-ا، ب) ئەوەیە، تەرزی هێزی لێکسێمە فەرهەنگییەکان لەباری ئاساییدا کۆتایین، بەڵام لە بانگکردندا سەرەتایین. بەو واتایە، لێکسێمەکانی سەرەوە لە دەروازەی فەرهەنگییدا جێکەوتەی جیاوازیان هەیە، بۆیە داوای هێزی جیاواز دەکەن.

٢/١- ٢-٢-٢) هێز لە پێکهاتووە سینتاکسییەکاندا

لەنموونەکانی پێشوتردا، ئەوە نیشاندرا، کە هێز لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی - وشە سەرەکییەکان هێز- سەرکۆتایین و وشە ناسەرەکییەکان هێز- سەرەتایین. بەو واتایە، چەسپاون و ئازاد نین. داتاکانی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی لە ڕووی دروستەی فۆرمە بەلێکسێمبووەکانەوە هەمان زانیاریی بەکاردەهێنێت. بۆیە لە خوارەوە، هەندێک زانیاریی لەبارەی تەرزی هێز لە پێکهاتووە سینتاکسییەکانیشدا دەخەینەڕوو.

ا) تەرزی هێز لە فرێزدا

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا و بەتایبەتیی لە هێڵکاریی ژمارە (٦)دا، کە هەنگاوەکانی بەڕێزمانبوون/ بەسینیاکسبوونی ($X^0$) پەیوەست بە واتاو سینتاکسەوە نیشاندران. تەرزی هێزیش لە فرێزدا، هەنگاوو زانیارییەکانی دیکەیە، تا سیماکانی بوون بەلێکسێم/ بوون بە فۆڕمی مۆرفۆلۆژییەوە نیشانبدرێت و پێوەرەکانی ناسینەوەی بەلێکسێمەکان بدۆزرێنەوە. دروستە سینتاکسییەکان لەو ڕووەوە نابنە کەرەستەیەکی فەرهەنگیی، کە ئازادانەن و بەرهەمی بێ سنووریان لێدروست دەبێت، بۆیە پێشبینیی دەکرێت، تەرزی هێز لە دروستە سینتاکسییەکاندا ئازادانە بێت، بەڵام پەیوەست بە بەلێکسێمبوونی دروستە سینتاکسییەکانەوە هێز_کۆتایی مەرجەو قەیدکراوە. بڕوانە (٢٥)و لەگەڵ (١٢)و (٢٢) بەراوردیی بکە !
٢٥)
ا. / دار- ی - کورت/ [da´ . ri . ku rt] ~[da . ri . ku´ rt]
ب. / شاخ - ی - بەرز/ [ʃ a´ . xi . bə rz] ~ [ʃ a . xi . bə´ rz]
پ. / سێو- ی - سەوز/ [se´ . wi . sə wz] ~ [se . wi . sə´ wz]
ت. / دار- ی – سێو / [da´ . ri . sə wz] ~ [da . ri . sə´ wz]

نموونەکان ڕوونیدەکەنەوە، کە لە دروستەکانی (٢٥-ا، ب، پ، ت)دا، لەبەر ئەوەی دروستەیەکی سینتاکسین، بۆیە پێشبینیی بەرجەستەکردنی ئازادانەی هێزیان تایدا دەکرێت. وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، زانیارییەکان پەیوەست بە هێزەوە و تەنانەت بەلێکسێمبوون لە دەروازەی فەرهانگیی (Lexical Entery) ($X^0$)کاندا هەڵگیراون، بۆیە لە قۆناغی بەلێکسێمبوونی یەکێک لە نواندنەکانی دروستەکەدا هێز دەبێتەوە بە کۆتایی و ئازادیی هێز نامێنێت، بۆ نموونە گەر بڕوانرێتە نواندنەکان لە نموونەکانی (١٥ - ١٨) ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە جگە لە فۆڕمگۆڕین و واتا گۆڕینی دروستە سینتاکسییەکان بۆ دروستە بەلێکسێمبووەکان، هێزیش دەبێتە تایبەتمەندیی ناسینەوەیان، هەروەها گەر پەیوەست بە نموونەکانی (٢٥)ەوە، بڕوانە نموونەکانی (٢٦)، ئەوا هێز_کۆتایی بووەتە سێمای بەلێکسێمبوونیان.

٢٦) /دەست کورت ، باڵابەرز ، دارسێو/

**ب) هێز لە کرداربەندییدا**

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کوردییەکاندا، وەها نیشاندراوە، هەندێک لێکسێمی فەرهەنگیی هەن، لە ڕوی فۆرمەوە لەیەکدەچن، بەڵام بەهۆی هێزەوە واتای جۆراوجۆر دەبەخشن، (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ١٩٧٦ : ٤٥-٧٥، ڕەحمان اسماعیل کانەبی : ٢٠٠٩ : ١٠٨). لە ڕاستیدا، ڕاستە ئەو فۆرمانە لەیەک دەچن، بەڵام سەگمێنتەکانیان جیاوازن، چونکە: (ا) دروستەکانیان لە دوو پێکهاتەی جیاوزدان، بە جۆرێک، (١_ا) سەگمێنتەکان مۆرفۆلۆژین، بەڵام (١_ب) سەگمێنتەکانی سینتاکسیین، (ب) ئەوەش وادەکات لە ڕوی فۆنەتیکیشەوە جیاواز بەرجەستەبکرێن و جگە لە دروستە هێزش تێیاندا ببێتە سیمای جیاکردنەوەیان، بڕوانە نموونەکانی (٢٧و ٢٨).

٢٧)

١-ا) (/سەوزە/) [səw . z´ ə] (لێکسیمی فەرهەنگیی / ئاوەڵناو + ە (پاشگر) = ناو

ب) (/سەوزە/) [s´ əw . z` ə] (ڕستە، کرداربەندیی / pro سەوز- ە)

٢٨)

٢-ا)/کورد - ە/ [k´ ur . d` ə] (لێکسیمی فەرهەنگیی / ناو + ە (پاشگر)= ناو)

ب) /کورد - ە/ [k´ ur . d` ə] (ڕستە، کرداربەندیی - pro کورد- ە)

زانیارییەکانی (٢٧ و ٢٨_ ا، ب) ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنن، کە لە دەروازەی فەرهەنگیی - دروستە و واتای جیاوازیان هەیە، بۆیە ڕاست نییە وەها نیشانبدرێت، کە هێز بووەتە هۆی گۆڕینی واتایان، چونکە هێز مارکەلێدراوە و چەسپاوە و بۆ گۆڕینی واتای لێکسێم نییە. لێکسێمە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا و بەزۆریی هێزی سەرەکیی لەسەر برگەی کۆتاییانە، پێکهاتوی کرداربەندیش لەبنەڕەتدا هێزی سەرەتایین، بۆیە هێزی سەرەکیی داوای سەرکۆتایی بناغەکە دەکات(دڵشاد محەمەد غەریب : ٢٠١٩: ١٦٨ - ١٦٩). واتا لەبەرئەوەی دروستەکانی (٢٧ و ٢٨) پۆلەڕەگەزی دوو پێکهاتەی جیاوازن، بۆیە پێشبینیی هێز_جیاوازییان دەکرێت و جێکەوتەی هێز پۆلەڕەگەزە(Category) بەلێکسێمبووەکە دەناسێتەوە.

**٢-٢-١/٢) تەوژم/ accent**

وەک پێشتر ڕونکرایەوە، لە دەروازەی فەرهەنگییدا هەر لێکسێمێک هێزێکی سەرەکیی هەیە، بۆیە لەم وەچەپارەدا، هەندێک زانیاریی لەبارەی تەوژمی ناوی کرداریی، کرداری شکاوە - ڕستەی یەک وشەیی ناسراون. ئەم چەشنە تەوژمەیان بۆ جیاکاریی نواندنی ڕستەی ( هەواڵیی، پرسیار، سەرسوڕمان) سودیلێدەبینرێت. ئاشکرایە، تا ئاستی زرنگەی (تەوژمی بەرز) بەرزتر بێت، برگەییەکان بەرزتر بەرجەستەدەکرێن. بەو واتایە، گرینگی بەتەوژمی ڕێزمانی دەدەرێت، نەک جیاوازیی ئاخاوتنی شێوەزارەکان. تەوژم لەگەڵ هێز - گوتندا دێت و بەهەمان شێوەی هێز سەروسەگمێنتییە و لەسەر برگەیەگ لەناو برگەکانی یەکەیەکی زمانیی (لێکسیم) بەرجەستەدەکرێت، چونکە بە کاتەگۆرییە پۆلەڕەگەزەکانەوە بەندە. لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا وەک ئەدگاری پۆلێنکراو لە شێوەی نیشانەی دوو پەلکییدا خراوەتە ڕوو، وەک [+ / - low] [+ / - high],لە فەرهەنگدا وەک دیاریکراو بۆ کاتەگۆریی دەناسرێتەوە و وەکو نیشانەی پلەدار یان فرە - بەها سەیردەکرێت( محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٥٢٠-٥٣١) لە سەروی ئەوەیشەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ڕستەی (هەواڵیی، پرسیار، سەرسوڕمان) ە، یەک وشەییەکان، هەر یەکەیان بەجیا بۆ خۆی لە فەرهەنگدا دیاریکراوە و بەرهەمدەهێنرێت، تەنانەت تەوژمە بەرزەکانیان لە کردارە شکاوەکانیاندا لەسەر مۆرفێمەکان چەسپاوە. لە نواندنی قوڵدا تەوژمی - ئاسایی (ناوی کرداریی)، کرداریی شکاوە و ڕستەی یەک – وشەییەکان، کە بەکرداری ئاڵۆز ناسراون، لە بنەڕەتدا تەوژمی جیاوازیان هەیە، بۆیە داوای تەوژمی جیاوازدەکەن(دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠١٩ : ١٨٠-١٩١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە نمونەکانی (٢٩ و ٣٠).

٢٩)

١-ا) / ژیان / [ʒ y´ a:n] < ناوی کرداریی >

H1

ب) / ژیان / [ʒ y´ a:n] <ئەوان ژیان- ڕستەی هەواڵیی >

H2

پ) / ژیان / [ʒ y´ a:n] <ئەوان ژیان- ڕستەی پرسیار؟ >

H3

ت) / ژیان / [ʒ y´ a:n] <ئەوان ژیان- ڕستەی سەرسوڕمان! >

H4

٣٠)

ا)/ چوون / [ʧ u:´ n] < ناوی کرداریی >

H1


ب) / چوون/ [ʧ u:´ n] <ئەوان چوون- ڕستەی هەواڵی >
H2
پ) / چوون / [ʧ u:´ n] <ئەوان چوون- ڕستەی پرسیار؟ >
H3
ت) / چوون / [ʧ u:´ n] <ئەوان چوون - ڕستەی سەرسوڕمان! >
H4

هێز و تەوژمی نمونەکانی (٢٩ _ا، ب، پ، ت) ئەگەرچی لە ڕوی فۆرمەوە لەیەک دەچن، بەڵام لەبنەڕەتدا و لەناو فەرهەنگی مێشکدا مارکەلێدراون، هەریەکەیان بۆ خۆی سەگمێنت و هێز/تەوژمی جیاوازی هەیە، بۆیە لەکاتی گفتوگۆکردندا داوای هێز و تەوژمی جیاوازدەکەن، وەک: بۆ نمونە لە (٢٩-ا) دا، ناوی کرداریی (/ ژیان/) دوو برگەییە و هێز و تەوژمی ئاسایی (H1) سەرکۆتایی لەسەر برگەیی ([a:]) بەرجەستەدەکرێت. بەڵام لە (٢٩-ب) دا، هێز و تەوژمی (H2) و لەسەر برگەیی ([a:]) دایە، بۆیە لە دەروازەی فەرهەنگیی سینتاکسدا، وەکو ڕستەی هەواڵیی دەبیسترێت. هەروەها (٢٩-پ) ئەوە نیشاندەدات، بەهەمان شێوە هێز/ تەوژمی (H3) و لەسەر برگەیی ([a:]) دایە، بۆیە وەکو ڕستەی پرسیار بەرجەستەدەکرێت. نمونەی (٢٩-ت) ئەوە نیشاندەدات، هێز و تەوژمی جیاوازتر (H4) و لەسەر برگەیی ([a:]) دایە، بۆیە لە دەروازەی فەرهەنگیی سینتاکسدا، وەکو ڕستەی سەرسوڕمان دەدەبڕرێت.

زانیارییەکانی (٣٠- ا، ب، پ، ت) لێکسیمی دووبرگەیین و لە ڕوی فۆرمەوە لەیەک دەچن، بەڵام لەبنەڕەتدا و لەناو فەرهەنگی مێشکدا لێکسیمەکان مارکەلێدراون و فۆرم و هێز/تەوژمی جیاوازیان هەیە، بۆیە داوای هێز و تەوژمی جیاوازدەکەن، بۆ نمونە لە (٣٠-ا) دا، ناوی کرداریی (/چوون/) دوو برگەییە و هێز و تەوژمی ئاسایی (H1) سەرکۆتایی لەسەر برگەیی ([u:]) بەرجەستەدەکرێت، بەڵام لە (٣٠-ب) دا، هێز و تەوژمی (H2) و لەسەر برگەیی ([u:]) سەرسەرەتایە، بۆیە لە دەروازەی فەرهەنگیی سینتاکسدا، وەکو ڕستەی هەواڵیی دەبیسترێت. هەروەها (٣٠-پ) ئەوە نیشاندەدات، بەهەمان شێوە هێز/ تەوژمی (H3) و لەسەر برگەیی ([u:]) دایە و وەکو ڕستەی پرسیار بەرجەستەدەکرێت. نمونەی (٣٠-ت) ئەوە نیشاندەدات، هێز و تەوژمی جیاوازتر (H4) و لەسەر برگەیی ([u:])دایە، بۆیە لە دەروازەی فەرهەنگیی سینتاکسدا، وەکو ڕستەی هەواڵیی دەردەبڕرێت.

واتا، ناوە کردارییەکانی (٢٩، ٣٠) برگەییەکانی ([u:, a:]) لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەفۆنەیتیکی خاو و درێژتر ([u::, a::]) بەرجەستەدەکرێن. بۆیە وەک ڕستەی (هەواڵیی، پرسیار، سەرسوڕمان) یەک وشەیی لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن، نەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی. کەواتە هەنگاوەکانی ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە تەرزی (H1) پێوەرو تایبەتمەندیی لێکسێمەکانە، بۆیە گۆڕینی تەوژم لە دروستەیەکی سینتاکسییەوە بۆ (H1)، دەبێتە بەرهەمهێنانی لێکسێمێکی سەربەخۆ، بڕوانە نواندنەکەی لە (٣١)دا.

(٣١




٢-١/٢-٣) زرنگە ( pitch )

پێشتر و لە(٢/١- ٢-١)دا ، هەندێک زانیاریی و ڕونکردنەوە لەبارەی (هێز) و جێکەوتەی دانانی هێز پەیوەست بە ناسینەوەی لێکسێمەکان لە نواندنە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانەوە نیشاندران. هەر لەو زانیارییانەوە هەنگاو بەرەو خستنەڕوی نواندنی (تەوژم-accent ) تایبەت بە ڕستە یەک لێکسێکان (٢-١/٢) نرا. هەر پەیوەست بە لێکسیمبونی فۆنۆلۆژییەوە، زۆر گرینگە هەندێک ڕونکردنەوە لەسەر ئەو لێکسیمانەیش نیشانبدەین، کە لە کاتەگۆریی فەرهەنگیی - سەرەکیی و کاتەگۆرییە جیاوازەکان، لە ڕوی فۆرمەوە لەیەک دەچن، بەڵام لەبنەڕەتدا زرنگەی جیاوازیان هەیە، بۆیە لە ئاخاوتندا، داوای زرنگەی جیاواز دەکەن. ئەم چەشنە زرنگەیە لەگەڵ هێزدا لە پێکهاتوی وشەدا، لەسەر برگەییەکان بەرجەستەدەکرێت و بە(تونی وشە - word tone) ناسراوە.

لە فۆنۆلۆژییدا زرنگەیش، بەهەمان شێوەی هێز و تەوژم بۆ نیشانەی سەروو- سەگمێنتییە - supra- segmental دەربڕاوە زمانییەکان بەکاردەهێنرێت، بەوەش لەیەکەوە نزیکن، (محەمەدی مەحویی : ٢٠١٦ : ٥٣١) بەجۆرێک (بەرزیی زرنگە - pitch height) لەسەر برگەییەکانی ناو برگەکانی لێکسیم بەرجەستەدەکرێن، نەک خاو و گرژیی. لە شیکردنەوە و خستنە ڕوی نمونەکاندا، نیشانەی (H1) بۆ زرنگەی ( بەرز/چڕ) و (H2) (بەرز/چڕ)تر، وەک هەمبەریی بەکاردەهێنرێن و بەسەگمێنتەوە دەبسترێنەوە(دڵشاد محەمەد غەریب : ٢٠١٩ : ٥٣١). وەهایدایدەنێین ناوە تایبەتییەکان لە فەرهەنگدا زرنگەی (H1) و پۆلەڕەگەزەکانی تریش، زرنگەی (H2) بەرزتریان هەبێت. بەو واتایە، لە فەرهەنگدا مارکەلێدراون و گۆکردنی جیاوازیان هەبێت و هاوبێژ نەبن، بڕوانە نموونەکانی (٣٢ و ٣٣)

(٣٢

ا./ شین/ [ʃ ´ i:n] <ناو- شیوەن>
H1
ب./ شین/ [ʃ ´ i:n] <ئاوەڵناو- ڕەنگ>

H2

(٣٣

ا./ زانا/ [za . nˊ a:] <ناو>

H1

ب. / زانا/ [za . nˊ a:] <ئاوەڵناو>


H2

زانیارییەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە وشە فەرهەنگییەکانی (٣٢-ا، ب، ٣٣- ا،ب) لە ڕوی فۆرم و شێوەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام لە ڕوی واتاوە، بەپێوەری فۆنۆلۆژیی (زرنگە)ی جیاوازەوە واتای جیاوازیان هەیە. بۆیە دەکرێت زرنگەی بەرز هەمبەر بە زرنگەی نزم بۆ کاتەگۆریی هەندیک وشەی سەرەکیی بەکاربهێنرێت. بەو واتایە، وشە فەرهەنگییەکانی سەرەوە لە فەرهەنگدا زرنگەیان جیاوازە، بۆیە داوای (هێز و زرنگە) ی جیاواز دەکەن. بۆ نمونە لە (٣٢-ا) دا، وشەی یەک برگەییە و سەر بە پۆلەرگەزی (ناو) ە، بەڵام (٣٢-ب) دا، هێزی سەرەکیی و زرنگەی بەرزتر (H2) لەسەر برگەیی ([i])دایە. بۆیە برگەییەکە بەفۆنەیتیکیی بەرزتر([i::]) لەوەی باری ئاسایی خۆی گۆدەکرێت و لە فەرهەنگدا، وەک پۆلەرگەزی (ئاوەڵناو) دیاریدەکرێت.

لە (٣٣- ا) دا، بەهەمان شێوە لێکسێمە یەک برگەییەکە و (هێز و زرنگە) ی (H1) سەرکۆتایین و سەر بە پۆلەرگەزی (ناو) ن. بەڵام لە (٣٣- ب) دا، بەهۆی ئامادەبونی هێز و زرنگەی بەرزتر (H2) لەسەر برگەیی ([a]) بۆیە، وەک لێکسێمیکی فەرهەنگیی سەر بە پۆلەرگەزی (ئاوەڵناو) بەکاردێن نەک ناو.

دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە وشە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا زرنگەی جیاوازیان هەیە، بۆیە داوای زرنگەی جیاواز دەکەن. تا بەرزیی زرنگە لەسەر برگەییەکانی ([i, a]) بەرزتربێت، بە فۆنەیتیکیی برگەییەکانی [i::, a::]) بەرزتر بەرجەستەدەکرێن. برگەیە کورت ([ə]) و ساردەکە ([ ɨ ]) یش، بەفۆنەیتیکی چڕتر لەوەی باری ئاسایی سروشتیی خۆیان دەبنەوە. بەوەش زرنگە هاوشێوەی هێزو تەوژم ، زرنگەش پێوەرو تەرزێکی بەلێکسێمبووەکانە، ئەوش پەیکاڵی لێکسێمە سادە گەنجکراوەکانی ناو فەرهەنگە. لە سەرێکی ترەوە زرنگە_جیاوازیی جیاکەرەوەی ئەو فۆرمانەن، کە لە فەرهەنگدا زرنگە_جیاواز و پۆلەرگەز_جیاوازن، بەوەش لەم تەرزی زرنگەیەدا (H1)و (H2)ش دەبنە پێوەری بەلێکسێمبوون، بڕوانە نواندنەکەی لە (٣٤)دا. لە ڕوانگەیەکی تریشەوە نموونەکانی (٣٥) ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە زرنگەکانی لە چەشنی (H2) لە پێواژۆی بەناوکردندا (Nominalization) لێکسێمێکی سەربەخۆی لە چەشنە زرنگەی (H1) بەرهەمدێنن، بەوەش لە ئاوەڵناوەوە دەبنە ناو، بڕوانە نواندنەکەی لە (٣٦)دا.

(٣٤




(٣٥

ا. ناسک (H2) (ئاوەڵناو) ← ناسک (H1) (ناو)

ب. جوان (H2) (ئاوەڵناو) ← جوان (H1) (ناو)

پ. زیرەک (H2) (ئاوەڵناو) ← زیرەک (H1) (ناو)


٣٦) H2 ← H1

پەیوەست بە هێڵکاریی (٦)و (٧)ەوە لە هێڵکاریی (٨)دا بونیادی فۆنۆلۆژیانەی فۆرمی بەلێکسێمبوو نیشاندەدرێت.

پەیوەست بە هێڵکاریی (٦)و (٧)ەوە لە هێڵکاریی (٨)دا بونیادی فۆنۆلۆژیانەی فۆرمی بەلێکسێمبوو نیشاندەدرێت.


هێڵکاریی (٨)

هێڵکاریی (٨)




## ئەنجام

1. زانیارییەکان پەیوەست بە بەرهەمهێنانی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی لە توخمەفەرهەنگییەکاندا($X^0$) هەڵگیراون، بەوەش لە قۆناغی بەلێکسێمبوونی ئەو فۆڕمانەدا، زانیارییەکان پەیوەست بوون بە لێکسێمیشەوە دەبێتە زانیارییەکی ناو ($X^0$)ەکان. بۆ نموونە لە ئاوەڵناوە ($A^0$) یان کردارێکدا ($V^0$) پەیوەست بە فۆرمگۆڕین و واتاگۆڕینەوە پێشبینیی بوون بە لێکسێم دەکرێت، بەوەش بەلێکسێمبوون زانیارییەکی فەرهەنگیی و لە فەرهەنگەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت.
2. زانیاریی فۆنۆلۆژیانە بەشێکی توخمە فەرهەنگییەکانن($X^0$)، واتا لێکسێمەکان(ئەوانەی خۆیان لەفەرهەنگدان) بە زانیاریی فۆنۆلۆژیانەوە هەڵگیراون، بەوەش بۆ فۆرمێکی بەلێکسێم بوو، هەمان زانیاریی دەکەن بە پێوەری بەلێکسێمبوون.
3. تەرزی هێزو تەوژم و زرنگە، هەرچەندە سەروسەگمێنتیین، بەڵام زانیارییەکی گەنجکراوی توخمە فەرهەنگییەکانن، هەرچەند لە پێواژۆی بە ڕێزمانبوونی ($X^0$)ەکاندا بۆ گەیاندنی واتای ڕێزمانیی و فەرهەنگیی دەگۆڕێن، بەڵام لە کاتی بەلێکسێمبووندا پەیکاڵی هێزو تەوژم و زرنگە فەرهەنگییەکە دەبنەوە، واتا هێزی فۆرمە ڕێزمانییەکە لە قۆناغی بەلێکسێمبووندا پەیکاڵی لێکسێمەکانی فەرهەنگ، دەچنەوە کۆتایی. پەیوەست بە تەوژمیشەوە (H4, H3, H2)ی توخمە سینتاکسییەکان دەبنەوە بە (H1). بۆ زرنگەش لە پێواژۆی فۆڕمە بەلێکسێمبووەکاندا، بەوواتایە، هەریەک لە (H1, H2) لە دەروازەی فەرهەنگیدا زانیاریی جیاوازیان تێدا هەڵگیراوە، بڕوانە:




## هێما و کورتکراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| -١ | $X^0$ | کاتیگۆریی فەرهەنگیی/سەرەی ڕێزمانیی ($P^0$, $T^0$ $V^0$ $A^0$ $D^0$ $N^0$) |
| -٢ | X- | فۆرمی سینتاکسیی |
| -٣ | XP | پرۆژەی گەورە/فریز (TP΄ PP, AP, DP, VP) |
| -٤ | TP | Tense phrase |
| -٥ | T | تاف |

| | | |
|---|---|---|
| -٦ | T- | نواندنی ناوەندیی تاف، لەپرۆژەی پێشناوییدا |
| -٧ | N | ناو |
| -٨ | $[Y] +X^0$ | پۆلەرەگەزدیاریکردن |
| -٩ | Y +X | پارامێتەر سەرسەرەتا |
| -١٠ | X + Y | پارامێتەر سەرکۆتا |
| -١١ | [...] | لە فەرهەنگدا تەواوکەری نییە |
| -١٢ | D˙ | فرێزی دیارخەری |
| -١٣ | Q | برگە |
| -١٤ | / | یان |
| -١٥ | /     / | فۆرمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| -١٦ | [ ] | نواندنی فۆنەیتیکی |
| -١٧ | □ | هاوواتا/ بەهەمان واتا دێت |
| -١٨ | ⟵ | دەبێت بە |
| -١٩ | * | نارێزمانیی/ رێگا - پێنەدراوە |
| -٢٠ | H1 | زرنگە/تەوژم/ ئاسایی |
| -٢١ | H2 | زرنگە/تەوژم/ بەرز |
| -٢٢ | H3 | زرنگە/تەوژم/ بەرزتر |
| -٢٣ | ( ´ ) | هێز- سەرەکیی/یەکەم |
| -٢٤ | ( ` ) | هێز- لاواز/ دوهەم |
| -٢٥ | . | خاڵێک بۆ سنووری برگە |
| -٢٦ | (    ) | بۆ وشەی سەرنجراکێش |


**ملخص البحث**

**هذا البحث الموسم ب(المعيار الفونولوجيا والمعجمية ) يهدف الى تحديد دلالة المفردات في اللغة الكوردية اعتماداً علي المعيار الفونولوجي، وتناول البحث الهيكلية الصرفية والنحوية في اللغة الكوردية التي تساهم في العملية المعجمية، ومن هذا المنطلق بين المعجمية النحوية موازية بالهيكلية النحوية التي كانت ($X^0$)، واستعان البحث لهذا الغرض بالمعجم والمعلومات المعجمية في تحليل مكونات الصرفية والنحوية لتحديد دلالة مفرداتها.**
**وبعد ذالك حاول البحث بيان اثر( النبر، والتلفظ والنغمة) في تحديد دلالة المعجمية للمفردات وجعلة معياراً فونولوجيية في بيان معانيها داخل الجملة.**

**Abstract**

**The study is entitled (Phonological condition of lexicalization) to determine the step of lexicalization in Kurdish language. It has begun with the lexicon, lexical information and among the $X^0$ components. In order that morphological and syntactical information of those components which is related to formation are determined. It means that all the information that are connected with the phonological projection and syntactic information are explored. Then, each of the lexicalization has been stated. In the second stage details of each stress, accent and pitch in the lexicon are identified. In order to be morphologically measured and the forms are changed in the process of grammaticalization.**


**Keywords: Grammaticalization, lexicalization, mental lexicon, stress**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی**


١-ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردیی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆری زانیاریی کورد، بەغدا.
٢-بژوێن یەحیا محەمەد (٢٠١٦)نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
٣-دڵشاد محەمەد غەریب (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
٤-سازان زاهیر سەعید (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی سارا، سلێمانیی.
٥-ساجیدە عبدەڵا فەرهادی و رەحیم سورخی (٢٠١٤)، پرۆسەی بەوشەبوون لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە یەک.
٦-رەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩٨)، پەیرەوی فۆنێمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد)، زانکۆی بەغدا.
٧-عادل رەشید قادر (2008)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی – کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٨-عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، هێز و ئاوەزە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، کوردستان، هەولێر.

٩-عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سارا.

١٠-غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، بغداد.

١١-محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلیکسیمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.

١٢-محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٣-وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**بەزمانی عە رەبیی**

١- مبارك حنون، احمد العلوي (1992) الفونولوجيا التوليدية الحديثة، دراسات سيميائية ادبية لسانية، الطبعة الاولى( لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕراوەتە سەرزمانی عە رەبیی).

٢- عطية سليمان احمد ( بدون سنة الطبع) الفونيمات فوق التركيبية في القرأن الكريم(المقطع- النبر- التنغيم)، الأكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي.

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزیی**

1- Fattah, M . M . (1997). A Generative Grammer of Kurdish. University of Amsterdam. Unpublished Doctoral Dessertation.

**پێگەی ئینتەرنێت**

1-https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph

2- https://www.researchgate.net

3- http://www.nytud.hu/imm14/meaningworkshopabstracts.pdf

4-http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf

5- https://en.wikipedia.org/wiki/Lexicalization